# یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەڵوێستەکان و بەرەنجامەکان!

فەتاح مەمەند

مەسەلەی کارەساتی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە لە چواردە ساڵ لەمەوبەرەوە جارێکی تر ئەم ساڵ بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ یادی کرایەوەو لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە جارێکی تر وەڵامی نەخێر بە ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس درایەوە. جارێکی تر ئەم ڕاستیانەی خوارەوە بۆ خەڵکی کوردستان سەلمێنراو دووبارە کرایەوە کە:

1. ڕژێمی ناسیونالیستی عەرەبی بەعس هیچ شەرعیەتێکی لە کوردستاندا نیـیە.
2. خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەك بە دەسەڵاتی بەعس ڕازی نین لە کوردستاندا.
3. خەڵکی کوردستان خوازیاری لابردنی یەکجاری ستەمی نەتەوایەتین لە کوردستاندا.
4. ڕێگاچارەی یەکجاری ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە دەست ستەمی نەتەوایەتی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا جیابوونەوەی کوردستانە لە خاکی عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە کوردستاندا.

مەسەلەی کارەساتی هەڵەبجەش وەك هەر کارەسات و ڕووداوو نەهامەتیەکانی تر کە تا ئێستدا لە جیهاندا ڕوویانداوە ناکرێ وەکو هاوکێشەیەکی گشتی و مەسەلەیەکی ماتماتیك سەیر بکرێت.
هەر ڕووداو شەڕێك لە جیهاندا ڕووئەدات هەر کێشەیەك کە لە مێژوودا خوڵقاوەو بەشەری دووچاری نەهامەتی کردووە زادەی کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئابووری و ناوچەیی بووە کە بوونەتە ڕوودانی کارەساتەکان، کارەساتی بۆردومانکردنی ئەتۆمی بۆ سەر هیرۆشیماو ناکازاکی دوا بەرەنجامی جەنگی جیهانی دووەم بوو، ئەگەر جەنگی جیهانی دووهەم ڕووی نەدابایەو یابانیش "پیرلْ هاربەر"ی بۆردومان نەکردبایە لەوانەیە هێرۆشیما ڕووی نەدابایە، ئەمە بەمانای کەم کردنەوە لە تاوانی هیرۆشیما نیـیە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، ئەگەر مەسەلەی فەلەستین نەبوایە لەوانەبوو کارەساتی یانزەی سپتەمبەر ڕوونەدات، ئەمەش هەر بە مانای کەمکردنەوەی تاوانەکە نیـیە لەسەر ڕەوتە ئیسلامیـیەکان و ئوسامەو ئەلقاعیدە، وە مەسەلەی کیمیا بارانی هەڵەبجەش هەر بەم پێـیە.
مەسەلەی هەڵەبجە درێژەی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عیراق بوو. ڕژێمی دڕندەی بەعس ئاشکرابوو بۆ هەموو کەس کە ڕژێمێکی فاشیستی ناسیونالیستیـیەو لە هیچ تاوانێك درێغی ناکات بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان تەنها لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردی قسە ئەکەن، تاوانی هەڵەبجەش یەکەم تاوان نەبوو بەرامبەر خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. بەڵام مەسەلەی هەڵەبجە لەم بارودۆخەدا ڕوویدا کە سەردەمی شەڕی ئێران و عیراق بوو، شاری هەڵەبجەو خەڵکی مەدەنی ناوشار کران بە مەیدانی شەڕی ئێران و عیراق و سوپای جمهووری ئیسلامی بە یارمەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هێزە ئیسلامیـیەکانی کوردو عەرەبەوە هەڵەبجەیان کرد بە مەیدانی جەنگ، بەمەش فرسەتێکی زێڕین بۆ سوپای فاشیستی بەعس پەیابوو کە بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژێت، هەم فرسەتێك بوو بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان و چاوترساندنی خەڵکەکەی وە هەم شاری هەڵەبجەش کە وەکو بەشێك لە خاکی عیراق بوو کە بە قەولی ڕژێمی بەعس "بەوابەی شەرقی" شکابوو ئەبوو بەهەر شێوەیەك بێت سوپای جمهووری ئیسلامی لە ناوچەی هەڵەبجە بکاتەوە ئەودیوی سنوور، هەموو ئەم هۆکارانە بوونە

خولْقاندنی كارەساتێك كە بوو بە هۆی تێداچوونی زیاتر لە 5000 هەزار لە خەڵكی بێ تاوانی مەدەنی هەڵەبجە بە ژن و منالْ و پیر و پەككەوتەوە. هەموو ئەم هۆكارانە دەوریان هەبوو لە تاوانی هەڵەبجەدا وە ئەگەر ئەم هۆكارانەو ئەم بارودۆخە لەناوچەی هەڵەبجە پێش نەهاتبایە ئەگەری ئەم كارەساتە بەسەر خەڵكی هەڵەبجەوە زۆر كەم تر بوو.

كەسانێك هەن ئەم لێكدانەوەیە لەسەر كارەساتی هەڵەبجە بە كەمكردنەوەی تاوانەكە لەسەر ڕژێمی فاشیستی بەعس دائەنێن، من وەكو ئەوان ناڵێم هەموو ئەوانەی خاوەنی ئەم لێكدانەوەیەن سەر بە جمهووری ئیسلامین یان سەر بە یەكیەتیو ئیسلامیەكانن، هەروەكو چۆن ئەوان ئەڵێن كە ئەم بۆ چوونە لە تاوانەكەی ڕژێمی بەعس كەم ئەكاتەوە، بەلاْم ئەتوانم بڵێم لە باشترین حاڵەتدا خاوەنی ئەم بۆ چوونانە زۆر سادەو ڕووكەش ئەڕواننە ڕووداوە سیاسیەكان و بینینەكانیان زۆر سەرپێیی و ڕووكەشە.

سەلام عەبدولاْ یەكێكە لەوانەی كە بەشێوەیەكی هیستیریك كەوتۆتە ئەم هەڵوێستەوە، باسی هیرۆشیما ئەكات وەك تاوانێكی مێژوویی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریكاوە، بەلاْم باسی ئەو بزووتنەوە دژی جەنگیەو بزووتنەوەی ئاشتی خوازیە ناكات كە لەئەنجامی بۆردومانی هێرۆشیماوە وە دوای جەنگی جیهانی دووەم بەرپابوو وەكو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ڕوونەدانەوەی هێرۆشیما لەلایەن خەڵكی لە هەموو شوێنێكی جیهاندا، ئێمەش بۆ ڕوونەدانەوەی كارەساتی وەكو هەڵەبجە ڕێگاچارەی یەكجاریمان خستوەتە بەردەم خەڵكی كوردستان كە ئەویش لابردنی ستەمی میللی و جیابوونەوەی كوردستانە، بەلاْم ئەو ئەڵێت ئەمە لادانە لە باسی هەڵەبجەو هێنانە گۆڕی شیعارە حیزبیەكانە. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەبێ بڵێم كە یادی هەڵەبجە هەر شیوەن و قوڕپێوان و لە خۆدان نیە بۆ قوربانیانی هەڵەبجە بەڵكو مەسەلەی هەڵەبجە جوابی واقیعی و سیاسی ئەخوازێت كە خراوەتە بەردەمی خەڵكی كوردستان بۆ بنەبڕكردنی كارەساتی وەك هەڵەبجە لە داهاتووی كۆمەڵگەی كوردستاندا.

2002،March 26